# ٢٣ی حوزەیران، بەڵام ئەمجارەیان لە بەغدا

بورهان أ. یاسین
٢٠١٦/١٢/١١

تێپەڕاندنی بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٧ لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا بەر لە چەند رۆژێک، کە تیایدا چەند بڕگەیەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان جێگای کرایەوە، رووداوێکی هەر وا ئاسایی نەبوو.

زۆر جار لە سیاسەتدا هەڵەیەک لەلایەن سیاسییەکانەوە دەکرێ ئەویش جیاکردنەوەی ئاستەکانی کار و چالاکی و هاوسەنگی سیاسییە. هەر بەم پێوەرەش هەر ئاستێک، دابڕاو لە ئاستەکانی دیکە، بە جیا تێگەیشتنی بۆ دەکرێ و هەڵوێستەیان لەمەڕ وەردەگیرێ. لە لایەکی ترەوە باشتر و دروستتر وایە کە رەگەزەکانی سیاسەت لە پێکهاتەیەکی یەککگرتووی ئاستەکاندا ببینرێن لە شێوازی کاروکاردانەوە و تێکهەڵکێش و کاریگەری هەمەلایەنە لە نێوان ئاستەکاندا ببینرێن وە راڤەیان بۆ بکرێ.

لەم وتارەدا هەوڵ نادەم بچمە ناو وردەکارییە دەستوری و یاساییەکانی بڕگە پەیوەندیدارەکان بە هەرێمی کوردستان، وە بە تایبەتی پرسیاری ئەوەی ئایا ئەم بڕگانە وەک خۆیان جێبەجێ دەکرێن یان نا. لە راستیدا تێپەڕاندنی بودجە بەو شێوەیەی کە کرا کۆمەڵێک رەهەند و مانای سیاسی گرنگ لەخۆ دەگرێ وە هەر لەبەر ئەوەشە کە پێویستە ئەم رووداوە بخرێتە ناو نەسەقێکی فراوانتر کە کۆمەڵێک رەگەز و پێکهاتەی گرنگ لەخۆ دەگرێ. دواجار دەکرێ ئەم جۆرە بینینە فرەرەهەندە سوودی بۆ بواری سیاسەتی عەمەلیش هەبێ.

بەم مانایەش ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ ورووژاندنی چەند تێبینییێک، کە نەک هەر پچڕ پچڕ نین، بەڵکو بە هەموویان وە لە بەیەکەوە گرێدانێکی ئۆرگانیکیدا هێمای گۆڕانکارییێکی

گرنگن لە هاوسەنگی هێز لە هەرێمی کوردستاندا. بەم مانایەش رووداوەکە لەو ئاستەدا نامێنێتەوە کە ئایا لە کاتی جێبەجێکردنی برگە پەیوەندیدارەکان بە هەرێمەوە چەندە کاریگەریان لەسەر چاککردنی باری بژێوی خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی موچەخۆران، دەبێت.

ئەو بۆچوونەی کە دەخوازم لێرەدا جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە رووداوەکە کۆمەڵێک رەهەندی گرنگ (دوور لە رەهەندە ئابوورییەکە) لە خۆ دەگرێ کە بۆ تێگەیشتنێکی هەنووکەیی و دوور مەودا لە باری هاوسەنگی هێز و ململانێ سیاسییەکانپێویستە. مەسەلەیەکی گرنگیش لەم بوارەدا هەڵبەتە ئاراستەی گۆڕانکاریە لە ئوسوڵی یارییە سیاسییەکاندا لەسەر بنەمای گۆڕانکاری لە پێگەی سیاسی یاریکارە سەرەکییەکانی مەیدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان:

١)پێم وایە خەباتی پەرلەمانتارانی "چوار" فراکسیۆنە کوردستانیەکە، بە تایبەتی سیانیان، ئاکامێکی سیاسییانەی باشی هەبوو. دوور ناڕۆم ئەگەر بڵێم ئەمە ٢٣ی حوزەیرانێکی دیکە بوو. ئەوەی پێشووتریان لە هەولێر لە ٢٣ی حوزەیرانی پار (٢٠١٥) روویدا، بەڵام ئەمەیان بەر لە چەند رۆژێک لە بەغدا روویدا: هەر وەک جاری پێشوتر لە هەولێر، ئەمجارەشیان پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو بە کەمینەیەکی کەم دەسەڵات، ئەوەندەش بێدەسەڵات بە ڕادەیەک هیچ بژاردەیەکی بۆ نەمایەوە تەنها ئەوە نەبێت، هەروەک لە ٢٣ی حوزەیران لە پەرلەمانی کوردستان، ببێ بە **کەمینەی پەرلەمانی**، ببێ بە **ئۆپۆزیسیۆن** و **بایکۆتی** پەرلەمانی بەغدا لە یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانیدا بکات، کە ئەویش بڕیاردان بوو لەسەر بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٧.

هەروەکچۆنلە ٢٣ی حوزەیرانی پاردا لە هەولێر پارتی لەو حزبە خاوەن دەسەڵاتی رەهایە بچوکبوویەوە بۆ قەوارە راستەقینەکەی خۆی (واتە قەوارەی کەمینە بوون)، لە بەغداش هەروەها ئەو دژایەتیەی کە بەردەوام هەبووە لە دەسەڵاتی ئەم حزبەدا جوان دەرکەوت: دژایەتیەکە زۆر سادەیە ئەویش کەمینە بوون لە پەرلەماندا لە لایەک، بەڵام بوونی دەسەڵاتێکی رەها بە دەست ئەو حزبەوە لە دەرەوەی پەرلەمان لە لایەکی دیکەوە. زەقبوونەوە و واڵابوونی ئەم دژایەتیە لە ماوەی ساڵێکدا (لە دوو رووداوی گرنگدا لە هەولێر و لە بەغدا) دەبێتە بنەمایەکی نوێ بۆ سیاسەتکردن لەگەڵ پارتی لەسەر بنچینەی واڵابوونی ناهاوسەنگی هێز، وە واڵابوونی ئەو راستییەی کە حزبێک کەمینەی پەرلەمانی هەیە بەڵام زۆرینەی ڕەهای دەسەڵاتی فیعلی بە دەستەوەیە؛

٢) جارییەکەمەپارتیلە بەغدا هەیمەنە و باڵادەستی بە شێوەی کردار لەدەست دەدات، هەرچەندە ئەم لەدەست دانەهەر زووتر هێماو و هەنگاوە کردارییەکانی دەرکەوتبوون، وەک بۆ نموونە لە حاڵەتی لابردنی بابەکر زێباری وەک سوپاسالاری عێراق وە متمانە

وەرگرتنەوە لە هوشیار زێباری. ئەم رووداوە تۆمارکردنی لوتکەیەکی نوێ بوو لە کاری پەرلەمانیدا، وە پەیامەکەش روون بوو: ئیتر پارتی دیمۆکارتی کوردستان، هەروەک وترا، بۆجاری دووەم کەمینەبوونی دەرکەوت. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم رووداوە، وەک هێما لە گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێز و ئوسوڵی گەمە سیاسییەکان، ببێتە هۆکار و فاکتەرێک بۆ ئەوەی لە مەودای مامناوەندی و مەودای دووردا لە هەرێمی کوردستانیش، بە تایبەتی بۆ راستکردنەوەی هاوسەنگی هێز، کاریگەری هەبێت بە ئاراستەی تەندروست، پێویستە ئەم لوتکەیە بە هەدەر نەدرێت. لە پێناو ئەمەشدا لە هەر دوو ئاستی بەغدا و کوردستان دەبێ هەوڵی ئەوە بدرێ کە ئەم لوتکەیە بپارێزرێ وە بخرێتە خزمەت راستکردنەوەی تای تەرازووی هێز لە کوردستان، بە تایبەتی کاتێک ئێستا باس لەهەوڵێکی دیکە بۆ "چارەسەرکردنی" کێشەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێ. هەڵبەتە لە بەرامبەردا پارتی دەستەوەستان نابێ، بەڵکو هەموو هەوڵێک دەدات بۆ تێکشکاندنی ئەم لوتکەیە وە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی هێزەکانی دیکە ئەم لوتکەیە نەکەن بە بنەما بۆ راستکردنەوەی تای تەرازووی هێز و سوودی لێوەرنەگرن لە سیاسەتکردن بەرامبەر بە پارتی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوەشی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە فراکسیۆنەکانی دیکە ئەم دەستکەوتە وەک حاڵەتێکی سیاسی بەکار ببەن دوور لە وروژاندنی هەست و نەست، چونکە زۆر جار وا هاتۆتەوە کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە بەرامبەر دەستکەوتی سیاسییانەی ئەوانی دیکە پەنای بۆ بزواندنی هەست و نەست بردووە بە ناوی شەهیدان و پێشمەرگە و سەربەخۆیی و ریفراندەم و... هتد؛

٣) ساڵانێکە پارتی جۆرەها سیاسەتی برسیکردن و تۆقاندن و... هتد لە کوردستان بەرامبەر هێزەکانی تر، بە تایبەتی بەرامبەر بە گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، بەکار دەهێنێ، بەڵام ئەمرۆ ئەم حزبە هەست بەوە دەکات کە لە رووی سیاسییەوە ئەمجارەیان خۆی لە بەغدا "برسی" کراوە، پەراوێزکەوتووە، جا گرنگ نییە ئەم پەراوێز کەوتنە کاری ئەوانی دیکە بێ یا بژاردەیەکی نادروست و خوێندنەوەیەکی ناواقیعیانەی حزبەکە، واتە پارتی، خۆی بێت بۆ حاڵەتە سیاسییەکە. گرنگ ئاکامەکەیە، کە ئەویش پەراوێزکەوتنی ئەو حزبەیە، کە بە بۆچوونی خۆم ئاکامەکانی بۆ پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە پەراوێزکەوتنەکەی ٢٣ی حوزەیارنی پار ساڵ کەمتر نییە؛

٤) پێم وایە لە بۆچوونێکی عەرەبی (واتە عەرەبی عێراقییەوە)، تەنانەت بگرە نێودەوڵەتیش، ئیتر بێدەسەڵات دەرکەوتنی پارتی و پەنابردنی بۆ بایکۆت سیگناڵ و وێستگەیەکی گرنگ بوو. گرنگترینیشیان ئەوەیە کە ئیتر کورد لە بەغدا چیتر لە ژێر هەیمەنە و چەتری پارتیدا نییە، چیتر ئەسیری بنەمایەک نییە لە سیاسەتکردن کە ئەوانی دیکە دەبێ تەنها و تەنها چاوەڕوانی بڕیار و هەنگاوەکانی پارتی بکەن و لە بەرامبەر

هەیمەنەی پارتی بێدەسەڵات بن: ئەم هاوکێشەیە تێکشکا، بە هەر حاڵ لە ئێستادا... ئەوەش دەکەوێتە سەر هێزەکانی دیکە کە چۆن لە مەودایەکی مامناوەندی و دووردا دەتوانن وەبەرهێنان لەم رووداوە گرنگەدا بکەن...
بنەمای ئەو هاوکێشەیەی کە گوایە هێزە کوردستانییەکانی دیکە لە بەغدا ناتوانن بەبێ پارتی و لە دەرەوەی ئیرادەی پارتی سیاسەت بکەن، گۆڕانکاری بەسەردا هات: کورد لە بەغدا نەک هەر بەبێ پارتی دەتوانێ سیاسەت بکات، بەڵکو تەنانەت سیاسەتێکی باشتریشی پێدەکرێت... ئەمە سەرچاوەی هێزێکی گرنگە بۆ هێزە سیاسییەکانی تر، کە ساڵانێکە لە کوردستان تەنگیان پێهەڵچنراوە... لە راستیدا لە ٢٣ی حوزەیرانی پاردا لە مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمدا پێگەی پارتی لە رووی سیاسییەوە بە جددی پێکرا، بەڵام لە "٢٣ی حوزەیرانی بەغدادا، واتە لە مەسەلەی تێپەڕاندنی بودجە بەبێ پارتی" پێگەی ئەو حزبە لە سێ رەهەندەوە بە شێوەیەکی جددی بە ئامانج گیرا: أ. پێگەی پارتی لە بەغدا، واتە لە چاوی عیراقی عەرەبیدا؛ ب. مۆنۆپۆڵی ئەو حزبە بە فایلە ستراتیژی و هەستیارەکەی نەوتەوە؛ ج. ئەگەری ئەوەی کە ئەم راستییە ببێ بە مایەی لاوازبوونی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە ئاستی هەرێمی کوردستانیشدا.
٥) لە لایەکی ترەوە، من مەترسی ئەوە بە جددیی دەبینم کە ئەوەی لە بەغدا "کرا بە ریس لە کوردستان بکرێتەوە خوری". بۆ ئەوەی ئەمەش روونەدات پێویستە: أ. تا بکرێ دەستکەوتەکە بکرێ بە هی هەموو خەڵکی کوردستان وە باشکردنی باری بژێوی خەڵک مەحەک بێت لە ئاراستەی گفت و گۆ و گوتارە سیاسییەکانی چوار هێزەکەدا؛ ب. گومانی تیا نییە کە بۆ خاوکردنەوە و بچووککردنەوەی هەنگاوی چوار فراکسیۆنەکە پارتی هەوڵ دەدات خۆی لە بەهای راستەقینەی رووداوەکە بدزێتەوە و پەنا بەرێتە بەر **بزواندنی هەست و نەستی خەڵک**. لایەنەکانی تر پێویستیان بەوە نییە بکەونە ناو گێژاوی بزواندنی هەست و نەست وە دەبێ باوەڕ بەو راستییە بهێنن کە ئیتر بەشێکی باش لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خوێندەوارن و خوازیارن پێشوەچوونەکان لە رووی فاکت و راستییەکانەوە بزانن. جگە لەوەش لە ئاستی جەماوەریشدا هەست بە بێزاری و ماندووبوونیش دەکرێ لە سیاسەتی بزواندنی هەست و نەست...
٦) تا رادەیەکی زۆر ئەو دیوارە نەفسییە تێکشکا، یا هەر نەبێ کەلێنێکی جددی تێکەوت، کە بەردەوام دەیخواست بڵێ: هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ بەغدا لە دەرەوەی پارتی، دەکرێ بە ئاسانی وەک خیانەت لە قەڵەمبدرێ وە لەو شەڕە نەفسییەشدا پارتی براوە بێت... ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە لە لای حزبەکانی دیکە، کە بەبێ پارتی سیاسەتکردن لە بەغدا دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی کە مۆری خیانەت و خۆفرۆشی لەو هێزانە بدرێت، تا رادەیەکی باش کۆتایی هات. تێکشکانی ئەم دیوارە نەفسییە وە لاچوونی ئەم دڵەڕاوکێ و

سێیەرە قورسە لەسەر کاری هێزەکانی دیکەی دەرەوەی پارتی زۆر گرنگە، وەک بنەمایەکی نوێی سیاسەتکردن وە نزیکبوونەوە لە مەسەلەی هاوسەنگی هێز. رەهەندێکی دیکەی گرنگی ئەم پێشوەچوونە ئەوەیە ئێتر ئەگەر پارتی بە ئامرازەکانی زۆرەملێ و پەکخستنی پەرلەمان و... هتد لە کوردستان بۆی چووبێتە سەر بۆ ئەوەی پەراوێزێکی سیاسی زۆر لە هێزە سیاسییەکانی دیکە بسەنێتەوە، ئەوا بە زەرورەت ئەو حزبە هەمان سیاسەتی لە بەغدا بۆ ناچێتە سەر. نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەمجارەیان ئەوە پارتی دیمۆکراتی کوردستانە کە لە بەغدا هیچ پەراوێزێکی کاریگەری و کارتێکردنی بۆ نەماوەتەوە، جگە لە قەبوولکردنی تاڵیی کەمینەبوون و ئۆپۆزیسیۆنبوون و بایکۆتکردن...
٧) تێپەڕاندنی بودجە بەو شێوەیەی کە کرا، جا جێبەجێ بکرێ یا نا، پەیامێکی جددیە بۆ ئەنقەرە و کۆمپانیاکانی نەوت کە ئێتر مۆنۆپۆڵی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەسەر فایلی نەوتەوە ئەو جێگیر و بەڵگە نەویست و مسۆگەرە نییە! دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە لایەن تورکیا و کۆمپانیاکان لە فایلی نەوتدا زۆر کاریگەری لەسەر تورکیا و کۆمپانیاکاندەبێ بەرەو داهاتوو وە دەشکرێ ببێتە بنەما بۆ گۆڕانکاری لە هەڵوێستی تورکیا و کۆمپانیاکاندا، کە ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی کێشە بۆ پارتی لە فایلی نەوتدا.

## دەرئەنجام

دەکرێ دەرئەنجام بڵێین کە تەنها ئەوە گرنگ نییە ئایا کە بودجە یتێپەڕێنراو لە پەرلەمانی عێراق جێبەجێدەکرێ یا نا، بەڵکو ئەم تێپەڕاندنە، بە جێکردنەوەی هەندێ بڕگەی تایبەتی بە هەرێمی کوردستان، هەر زوو بووە هێمای گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێزدا لە هەرێمی کوردستان. دەرکەوت ئەگەر پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە هەندێ ئامراز و هۆکار بۆی چووبێتە سەر کە پەراوێزی ئەوانی دیکە لە کوردستان تەسک بکاتەوە، ئەوا لە تێپەڕاندنی بودجە بەو شێوەیەی کە کرا، دەریخست کە ئێتر لە ئاستی عێراقدا پارتی بە زەرورەت ناتوانێت ئەو هێزە باڵادەست و مۆنۆپۆڵکارە بێت.

بەردەوام خەسڵەتێکی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە ئەو پەڕی بواری یاریکردن بە هەست و نەستی خەڵکی تیایە، بەڵام لە لایەکی تریشەوە پرۆژەیەکیشە بۆ ئەوەی دواجار ماف و ئازادی و خۆشگوزەرانی تاکەکانی نەتەوەیەک بە ئامانج بگەیێنێ. لەراستیدا یەکێکیش لە باشترین پێناسەکانی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم ئەو ئایدیۆلۆژیا و پرۆگرامە سیاسی و بزوتنەوە کۆمەڵاتیەیە کە دەبێتە ئامرازی راگواستن لەدۆخی کۆمەڵێک خەڵک کە لەسەر بنچینەی هەست و نەست و هەندێ رەگەزی تر ەب یەکەوە گرێدراون بۆ دۆخ و ئاستی بە دەستهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاکانی هەر ئەو خەڵکە. کێشەیەکی ناسیۆنالیزمیش، بە تایبەتی لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا، ئەوەیە کە

زۆر جار ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی بزواندنی هەست و نەستی خەڵک بۆ ئەوەی هەر لە جێدا، بەبێ پێشوەچوونێک لە ژیانی خەڵکدا، ببێتە ئامرازی پتەوکردن و جێگیربوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەستەبژێرێک کە لە راستیدا لە خزمەتی خۆیاندا دەستیان بەسەر پرۆژەی ناسیۆنالیزمدا گرتووە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان **پرۆژەکەیان رفاندووە.** ئەمرۆ لە باشووری کوردستان ئەم ململانێیە بە زەقی لە نێوان دوو پرۆژەی دژ بە یەکتر لەسەر پێیە وە ئەوەی لە بەغدا روویدا بە تێپەڕاندنی بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٧، بەبێ پارتی، رێک بەشێکە لەو ململانێیە. دژایەتییەکەش لەوەدایە کە لە کاتێکدا توێژێکی زۆر لە سیاسەتمەدار، رەوشەنبیر، شارەزایان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرگەرمی ئەوەن کە چۆن ئەو بەشە بودجەی کە پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانەوە لە رووی کردارییەوە ببێ بە سەرچاوەی چارەسەرکردنی کێشەی بژێوی خەڵک، بەڵام لایەنێکی تری هەمان پانتایی هەرێمی کوردستان خەریکی بزواندنی هەست و نەستی خەڵکە بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەهای ئەو شتەی لە بودجەدا بۆ هەرێم بە دەستهاتووە و دواجار بەلاڕێدا بردنی پێشوەچوونەکان بە ئاراستەی لەباربردنی هەوڵ و کۆششی ئەوانی تر.

لەم سۆنگە تیورییەوە دەکرێ بڵێین کە ماوەیەکی زۆرە پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە رێگای دەستبردن بۆ جوڵاندنی هەست و نەستی کۆمەڵانی خەڵک تا رادەیەک توانیبووی پێگەیەکی بەهێز لە سیاسەتی عەمەلیشدا بۆ خۆی مسۆگەر بکات. بەڵام ئەمجارەیان لە بەغدا "چوار" فراکسیۆنی کوردستانی بەبێ گوێدانە مەترسی ئەوەی کە دواجار پارتی دەست بۆ بزواندنی هەست و نەست دەبات بۆ ئیفلیجکردنی هەوڵەکانیان، دەستیان برد بۆ **سیاسەتکردن** وە لەو سیاسەتکردنەشدا خاڵی لاوازی پارتی دیمۆکراتی کوردستانیان بە جوانی دەرخست: ئیتر یا ئەوەتا بەوە رازی بیت بەشداری بکەیت لە سیاسەتکردنەکەدا بە **پێی قەوارەی پەرلەمانی** خۆت یا جارێکی دیکە دەست ببەیتەوە بۆ ئامرازی یاریکردن بە هەست و نەست. لەم سۆنگەیەشەوە ئەو خۆپیشاندانە دروستکراوانەی پارتی لە دەڤەری هەولێر و دهۆک گەواهییە لەوەی کە ئەوەی بۆ پارتی دیمۆکراتی کوردستان ماوەتەوە بزواندنی هەست و نەستە، کە ئیتر من گومانم هەیە خودی پارتیش تا سەر باوەڕی بەم ئامرازە بێت، چونکە ئەم جارەیان ئامرازەکە لە بەغدا کورتی هێنا و بێکەڵکییەکەی دەرکەوت.

ئەگەر بە راستی ناسیۆنالیستانی کورد دەخوازن پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی دوارۆژی هەبێ، ئەوا گرنگە بە وردی و بە تێگەیشتنێکی مۆدێرن لە نەتەوە و ئوسوڵەکانی سیاسەتکردن و ناسیۆنالیزم نزیک ببنەوە. هەست و نەست گرنگە وەک ئامرازی بەیەکەوە گرێدان، بەڵام هەرگیز نابێتە ئەو ئامرازەی کە لە رێگایەوە کورد

بتوانێ ئەسپی خۆی لە جیهانی مۆدێرنە و (هەندێک جاریش پۆست-مۆدێرنەدا) تاوبدات: بۆ تاودانی ئەو ئەسپە پێویستیت بە پرۆژەیەکی دەوڵەمەند، فرە رەهەند و ئەوپەڕی یەکانگیر لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هاوچەرخ هەیە. ئەوە جگە لەوەی کە ئەسڵەن هەست و نەستی داگیرکراو لە لایەن توێژێکەوە وە بەکاربردنیان لە خزمەتی خودی ئەم توێژە، بەبێ گوێدانە بەرژەوەندییەکانی خەڵک، دەتوانێ ببێتە هۆی هەندێک تراژیدیای مرۆیی و شکستی سیاسی بۆ نەتەوە!

لەم بارودۆخەی باشووری کوردستاندا بە تایبەتی ناهەمواریيەکانی خەڵک، وا دەخوازێ کە لایەنەکان بە رۆحی تۆڵەسەندنەوە لە رووداوی تێپەڕاندنی بودجە نزیک نەبنەوە: خەڵکی کوردستان و ئەزموونی سیاسی باشووری کوردستان سوودمەند دەبێت ئەگەر بێت و پارتی لە بڕی دەست بردن بۆ چەواشەکاری، هەست و نەستی خەڵک وە بە لاڕێدابردنی رای گشتی، دەست بۆ قەبوڵکردنی ئەوە ببات کە ئیتر ئەم هێزە ئەو ژمارە سیاسییە نیە کە خۆی دەیخوازی، بەڵکو ئەو تەنها، کەم یا زۆر، یەک لەسەر سێی پانتایی سیاسی لە باشووری کوردستان پێک دەهێنێ. لە بەرامبەردا بۆ ئەوەی پارتی ئەو بڕاردەیە قەبووڵ بکات کە لە لایەن "چوار" هێزەکە دەنگی پێدراوە، ئەوا پێویست دەکات ئەم چوار هێزە خۆیان لە وروژاندنی هەستی پارتی دور بگرن. هەر چەندە منیش ئەوە دەزانم کە باوەڕ هێنان بە پارتی بە ئەوەی کە لە بەغدا کراوە بە سوودی هەموو خەڵکی کوردستانە نەک هیچ هێز و گروپێکی تایبەتی وە بەم مانایەش ببێتە بەشێک لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی بودجە کارێکی ئاسان نییە: أ. بەرژەوەندییە حزبییەکانی پارتی لەگەڵ شەفافبوونی مەلەفی نەوت یەکانگیر نین؛ ب. پارتی کۆمەڵێک ئیلتزامی بەرامبەر تورکیا و کۆمپانیاکان هەیە کە رزگاربوون لێیان ئەو ئاسانە نییە، بەڵکو تەنانەت ئەستەمیشە.